عێراق جێخت لە چەسپاندنی بەرەماکانی مافی مرۆڤ دەکاتەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە جێختی لە پابەندبوونی حکومەتی عێراقی بە چەسپاندنی بەرەماکانی مافی مرۆڤ و بەهێزکردنی پابەندبوونی بە یاسا پێیوەندیدارەکان کردەوە.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە پێشوازی لە سەرکی نوێنەرایەتی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە عێراق ئیختیار ئیسلانڤ کرد.

ئاماژە بەوشکراوە: لە میانی کۆبوونەوەکەدا، ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان وەزارەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی مانگی سور گفتوگۆیان لەسەر کرا، کە بەشداربوون لە پاپێشتیکردنی هەوڵە مرۆییەکان و هەماهەنگیکردنی کردەوەی هاوبەش لە ناوخۆی عێراقدا.

بەگوترەی بەیاننامەکە، وەزیری دەرەوە تەئکیدیکردەوە: لەسەر پابەندبوونی حکومەتی عێراق بە چەسپاندنی بەرەماکانی مافی مرۆڤ و بەهێزکردنی پابەندبوونی خۆی بە یاسا و ستانداردە نێودەوڵەتییە پێیوەندیدارەکان، و هەروەها ستایشی ئەو ڕێز گرنگی کرد کە نوێنەرایەتی مانگی سور لە پشکشکردنی پاپێشتی مرۆیی لە ناوخۆی عێراقدا بینیویەتی.